# سلێمانی نیازی باڵادەست بوونی لە هەموو عێراق هەیە

تیپی تۆپی سـەرمێزی یانەی سـلێمانی ماوەی چەندین سـاڵە باڵادەسـتی خۆی بە سەر زۆربەی خولەکانی کوردستان و عێراق نواندووە بە هۆی ئاست بەرزی یاریزانانی تیپەکەی کە زۆربەی یاریزانانی ئەو تیپە لە ریزی هەڵبژاردەی نیشـتمانی عێراقین، جگە لەوەش یاریزانانی تیپەکە سـەرەڕای قەیرانی دارایی کە بەرۆکی وەرزشـی کوردسـتانی گرتووە، بەڵام تیپی تۆپی سەرمێزی یانەی سلێمانی ئامادە نین دەسـتبەرداری پاڵەوانبوونیان ببن، لە دوایین پاڵەوانێتی خولی تۆپی سەرمێزی یانە پلە نایابەکانی کوردسـتانیش توانییان ببنە پاڵەوانی خولەکە، یاریزانان و ڕاهێنەری یانەکەش ئامادەن بۆ پەلهاوێشتن بۆ پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی و دەستبەسەرداگرتن بەسەر سەرجەم پاڵەوانێتیەکانی تریش، ئێمەش ئەم ڕاپۆرتەمان لەسەر تیپەکە ئەنجامدا و یاریزانانی تیپەکە بۆ گوڤاری گوڵان قسەی خۆیان هەبوو.

ڕاپۆرتی: کارزان کانەبی


کۆچەر فاروق


سەیفەدین فەتاح


عومەر یاد


حوسێن عەبدوڵڵا

کۆچەر فاروق یاریزانی تۆپی سەرمێزی یانەی سلێمانی لە بارەی یارییەکە و ئاستی تیپەکەیان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تۆپی سەرمێز لە کوردستان زۆر باشە، بەڵام بەهۆی ئەم کێشە داراییانەی ئەم دواییە تا ڕادەیەك تیپەکانی کوردستان بەشداری کێبڕکێیەکانی دەرەوەی کوردستانیان نەکردووە، ئەوەش تا ڕادەیەك بۆتە کێشە بۆ یاریزانان لە بەشداری نەکردنیان لە پاڵەوانێتییەکان، لەبڕی یانە کوردییەکانیش یانەکانی باشووری عێراق بە مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ یاریزانانی کورد توانیویانە ئەو بۆشاییەی یانەکانی کوردستان پڕ بکەنەوە و خۆشیان پێش بخەن. ئەمساڵ وەك تۆپی سەرمێزی یانەی وەرزشی سلێمانی دەستمان بە چالاکییەکان کردۆتەوە و بەڵێنی ئەوەمان داوە کەوا یانەی سلێمانی چۆن سالآن پاڵەوانی عێراق و کوردستانیش بووە، هەر بەمشێوەیە بمێنێتەوە و پێموایە دەتوانین سەرجەم نازناوەکان بچنینەوە، خۆشمان بۆ خولەکانی عێراق ئامادە کردووە لە پالآوتنەکانیش توانیمان ببینە یەکەمی گرووپەکەمان.» لە بارەی گرفتەکانیشیان گوتی: «تەنیا گرفتی داراییمان هەیە، ئەوەش گرفتی سەرجەم وەرزشکارانی کوردستانە.»

عومەر یاد یاریزانی لاوی تۆپی سەرمێزی یانەی سلێمانییە ئەویش رایوایە ئاستی یاری تۆپی سەرمێز لە شارەکانی کوردستان گرنگی پێویستی پێدراوە، بەڵام شاری سلێمانی لە پێشەوەی سەرجەم شارەکانی کوردستان و عێراقدایە، نموونەشی بەوە هێناوە کە چەندین یاریزانی بەتوانای شاری سلێمانی و یانەکیان لە پێشەوەی ریزی هەڵبژاردەی عێراقین. گوتیشی: «ئێمە لە چاو یانەکانی تر گرنگی زۆر بە یارییەکانی تۆپی سەرمێز دەدەین، یانەکەشمان کەمتەرخەمی نەکردووە لە گرنگیدان بە یاریزانانی لاو و پێشخستنیان لەم یارییە بە دابینکردنی ڕاهێنەری بەتوانا و پشتگیری کردنی تیپ و سەرجەم کارەکانی بۆ ئاسان کردوون، ئەمساڵیش ئێمە کە بووینە پاڵەوانی کوردستان بەڵێنی ئەوەمان داوە ببینە پاڵەوانی عێراقیش، ئاستی یاریزانانیی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەرەو پێش دەچێت. پێویستە زیاتر خول بکرێتەوە و زیاتر گرنگی بە ئاستی یاریزانانی تەمەن بچووك بدەن، ئێمە وەکو یاریزانان گرفتی ئەوتۆمان نییە، تەنیا گرفتی داراییە کە ئەوەیش گرفتێکی سەرتاسەرییە و بە هیممەتی هەموو لایەك دەتوانین ئەنجامی باشتریش بەدەست بهێنین و ببینە پاڵەوانی عێراق و بگرە لە ئاسیاش پاڵەوان بین.»

حوسێن عەبدوڵڵا یاریزانی تۆپی سەرمێز ئەویش باسی ئەوە دەکات کە یەك دوو ساڵە گرفتی دارایی هەموو لایەکی گرتۆتەوە، بەڵام تۆپی سەرمێزی یانەی سلێمانی تا ڕادەیەکی باش لە ئاستی خۆی دانەبەزیوە. گوتیشی: «ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان زۆر باشە و لە شاری سلێمانیش زۆر لە پێش شارەکانی تری عێراق و کوردستانە، یانەکانی شاری سلێمانی هەر لە یانەکەی خۆمان و پێشمەرگە و ئاستی و چەندین یانەی تر پێشەنگی کوردستان و عێراقن و لە ئاستە جیاوازەکان ئەم تیپانە ڕابەرایەتی هەموو عێراق دەکەن، ئەوەش بەڵگەی گرنگیدانی زیاتری بەرپرسانی یانەکە و بوونی یاریزانی بەتوانایە لە شاری سلێمانی، ئێمەش لە یانەی سلێمانی بەردەوامین لە گرنگیدان بە ئاست و توانای خۆمان بۆ ئەوەی کێبڕکێ لەگەڵ سەرجەم تیپەکانی تری شارەکانی عێراق بکەین، جگە لەوەش ئاستی یارییەکەمان بەرزە، بەڵام گرفتی دارایی هۆکارێکی خراپە کە بۆتە کۆسپ لە بەردەم گشەکردنی زیاتری ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان، لە ڕووی هۆڵ و مێزی یاری کردنیش ئێمە زۆر لە تیپەکانی تر باشترین و گرنگی تەواومان پێدراوە و هەوڵی ئەوەش دەدەین زیاتر پەرە بە تواناکانی خۆمان بدەین بۆ ئەوەی ببینە پاڵەوانی عێراق و بگرە لە ئاستی ئاسیایش ئەنجامەکانمان وەکو پێویست بێت.»

لە لای خۆیەوە سەیفەدین فەتاح ڕاهێنەر و یاریزانی یانەی سلێمانی لە بارەی ئاستی یاریی تۆپی سەرمێز گوتی: «ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان لە ئاستێکی زۆر بەرز نییە، لە ئاستێکی مام ناوەندی دەبینم، چونکە یانەکان بە شێوەیەکی باش گرنگی پێ نادەن.» گوتیشی: «سالآنەی کردنەوەی یەك پاڵەوانێتی نابێتە هۆکار بۆ پێشکەوتنی ئاستی ئەم یارییە، بەڵام ئەگەر پاڵەوانێتییەکان زیاتر بن، یاریزانان زیاتر خۆیان ئامادە دەکەن. ئەوەش دەبێتە هۆکارێکی باش بۆ ئەوەی ئاستی یاریزانانیش باش بێت ئێمە وەکو ڕاهێنەر و یاریزانانی تیپی تۆپی پێی سەرمێزی یانەی سلێمانی ئەنجامەکانمان زۆر باشە و وەکو پێویستە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، لە داوین پاڵەوانێتی خولی نایابی عێراق توانیمان بالآدەستی سەر ئاستی کوردستان بین و بەردەوامیش دەبین بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی عێراقیش پاڵەوان بین، لە ئێستادا جگە لە گرفتی دارایی هیچ گرفتێکی ترمان نییە، ئەوەش بە تەنیا گرفتی یانەی وەرزشی سلێمانی نییە، بگرە گرفتی سەرجەم یانەکانی هەرێمی کوردستانە، یانەکانی باشووری عێراقیش گرنگی باش بەم یارییە دەدەن و دەیانەوێ زیاتر ئاستی ئەم یارییە پێش بکەوێت بە پشتبەستن بە تواناکانی یاریزانانی کوردستان، لەم بڕوایەشم لە داهاتوو یاریزانانی یانەکەمان بگەنە ئاستێکی بەرزتر.»

# بروسیا دۆرتمۆند عەدنان یانوزای بردە ریزەکانی



یانەی بۆرسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی رایگەیاند بۆ یەك وەرز بۆندیـــان لەگەڵ یاریزانی یانەی مانچستـــەر یونایتد عەدنـــان یانوزای ئەنجامداوە بەشـــێوەی خواســـتن. ئەمەو یانـــوزای بەلژیکی تەمەن ٢٠ ســـاڵان نێوی بەزۆر یانەی گەورە گرێدرابوو بۆ ئەوەی بچێتە ریزیان لەوانە تۆتنهام هۆتسبیر و مەرســـیلیا و ڤالنسیا. لای خۆیەوە بەڕێوەبەری وەرزشی یانەی برۆســـیا دۆرتمۆند مایکل زۆرك ســـەبارەت بە بۆندی ئەو یاریزانە بەلژیکیە گوتی: عەندنان یاریزانێکی بەتوانا و ئاســـت بەرزە و توانای یاریکردنی زۆری هەیە لەچەند شوێنێکی نێو یاریگا و هیڵی هێرشبردنیشمان پتەوتر دەکات.

یانوزای لەوەرزی ئە مســـا ڵ لەچواریاریـــدا لەگەڵ شەیتانە ســـوورەکـان بەشـــداریکردو گۆڵی سەرکەوتنیشی لەبەرامبەر ئەستۆن ڤیلادا تۆمار کرد.

لای خۆیـــەوە ئەو یاریزانە بەلژیکیـــە رایگەیاند بروســـیا دۆرتمۆنـــد یانەیەکی گەورەو بەهێز و جەماوەریە، هەمیشـــە هاندەرانی پاڵپشـــت و پشتیوانی تیپەکەن بەشێوەیەکی زۆر سەرنج راکێش، بۆیە منیش دەمەوێت لەگەڵ ئەو یانەیە دەستکەوتی گەورە بەدی بهێنین.

شایانی باســـە عەدنان یانوزای لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپـــا دادەبڕێت بەهـــۆی ئەنجامە خراپەکانـــی دۆرتمۆند لەوەرزی رابـــردوودا، بەڵکو یانەکە بۆ یۆرۆ لیگ بەشـــدارە و لەئێستاشـــدا خاوەن پلەی یەکەمی ریزبەندی بۆندسلیگایە دوای بردنەوەی لە ســـێ یاری رابـــردوو و بەجیاوازی گۆڵ لەپێـــش بایرەن میونشـــینی پاڵەوانـــی وەرزی رابردووە. جێی ئاماژەیـــە بۆیەکەمجار ئەو یاریزانە لەگـــەڵ تیپی یەکەمی مانچســـتەر یونایتد لە وەرزی ٢٠١٣-٢٠١٤ دەرکەوت، بەڵام نەیتوانی شـــوێنی خۆی لەپێکهاتەی سەرەکی تیپەکە بکاتەوە بەشێوەیەکی جێگیر لەژێر فەرمانڕەوایەتی ڕاهێنەر لویس ڤان گالی هۆلەندی.





# چیچاریتۆ رووی کردە خولی ئەڵمانیا

بەر لەتەواو بوونی ماوەی گواســـتنەوەی هاوینەی ئێستا یانەی بایەر لیڤەرکوزنی ئەڵمانی بەشـــێوەیەکی فەرمی بۆندی لەگەڵ یاریزانی مەکسیکی یانەی مانچستەر یونایتد خافیر هیرنانديـــز چیچاریتۆ ئەنجامدا . لەمبارەیەوە پێگـــەی فەرمی یانەی بایەر لیڤەرکوزنی ئەڵمانی دووپاتیکردەوە چیچاریتۆ بەشـــێوەیەکی فەرمی بۆ ماوەی سێ ساڵ تا ساڵی ٢٠١٨ پەیوەندی بەیانەکەوە کرد دوای ئەوەی لە پشـــکنینی پزیشـــکی بەسەرکەوتوویی دەرچـــوو. ئەمەو بەپێی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانیەکانی پێشـــوو یانەی لیڤەرکوزن بڕی ١٣ ملیۆن یۆرۆی داوەتە شـــەیتانە سوورەکان لەبەرامبەر دەست بەربوون لەو یاریزانە. جێی باســـە چیچاریتۆ دوای ئەنجامدانی ١٥٧یاری ماڵئاوایی لەیاریگای ئۆلدترافۆڵد کرد دوای ئەوەی لەماوەی یاریکردنی لەگەڵ شـــەیتانە ســـوورەکان ٥٩گۆڵی تۆمار کردو لەوەرزی رابردووش بەشـــێوەی خواســـتن بۆ یانەی ریال مەدرید یاری کرد بەشێوەی خواستن و ٩ گۆڵی بۆ ئەو یانەیە تۆمار کرد.

# مۆندیالی گۆڕپان و مەیدان کۆتایی هات

## کینیا لەپلەی یەکەمە و ئەمریکا گەڕایەوە پلەی سێیەم

بۆ ماوەی ٩ رۆژ لەیاریگای هێلانەی چۆلەکە لەشاری پەکینی پایتەختی وڵاتی چین پێشبڕکێیەکانی جامی جیهانی گۆڕەپان و مەیدان بەڕێوەچوو، لەم مۆندیالە باشترین یاریزانانی جیهان بەشدارییان تێدا کردبوو، لەدەسکەوتێکی مێژوویدا وڵاتی کینیا پلەی یەکەمی بەدەست هێنا دوای ئەوەی ٧ میدالیای زێڕی کۆکردەوە و جامایکا بەپلەی دووەم هات و ئەمریکاش گەڕایەوە پلەی سێیەم .

یاریزانی جەمایکی یۆساین بۆڵت ئەستێرەی یەکەمی ئەم مۆندیالە بوو دوای ئەوەی توانـــی ٣ میدالیای زێڕ لەراکردنەکانی ١٠٠ مەتـــر و ٢٠٠ مەتر و ١٠٠X٤ پۆســـت بەدەســـت بهێنێت، هەروەها یاریزانی بەریتانـــی محەمەد فەرح توانی لە راکردنەکانی ٥٠٠٠ مەتر و ١٠٠٠٠ مەتر پلەی یەکەم و دوو میدالیای زێڕی مسۆگەر بکات.

خشتەی کۆتایی مۆندیالی گۆڕەپان و مەیدانی ٢٠١٥.




| ریزبەند | وڵات | زێڕ | زیو | برونز | ک. گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کینیا | ٧ | ٦ | ٣ | ١٦ |
| ٢ | جامایکا | ٧ | ٢ | ٣ | ١٢ |
| ٣ | ئەمریکا | ٦ | ٦ | ٦ | ١٨ |
| ٤ | بەریتانیا | ٤ | ١ | ٢ | ٧ |
| ٥ | ئەسیوبیا | ٣ | ٣ | ٢ | ٨ |
| ٦ | پۆڵەندا | ٣ | ١ | ٤ | ٨ |
| ٧ | کەنەدا | ٢ | ٣ | ٣ | ٨ |
| ٨ | ئەڵمانیا | ٢ | ٣ | ٣ | ٨ |
| ٩ | روسیا | ٢ | ١ | ١ | ٤ |
| ١٠ | کوبا | ٢ | ١ | ٠ | ٣ |



# یەکەمجارە لە مێژوودا کچانی کورد نوێنەری عێراق بن لە وڵاتی عەرەبی

دوای ئەوەی لە هەفتەی ڕابردوو پاڵەوانێتی باسکەی نایابی کچانی یانەکانی عێراقی لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو، دوای ئەنجامدانی چەندین یاری لە نێوان تیپە بەشداربووەکانی خولەکە کچانی یانەی سیروانی نوێ شاری سلێمانی توانییان لەسەرجەم تیپەکانی بەشدار لە خولەکە ببەنەوە و بۆ یەکەمجار لە مێژووی عێراق و شاری سلێمانی کچانی سیروانی نوێ نازناوی خولی باسکەی عێراقیان بردەوە، بڕیاریشە کچانی سیروانی نوێ بە نوێنەرایەتی عێراق بەشداری لە جامی یانەکانی وڵاتانی عەرەبی بکەن لە قاهیرەی پایتەختی وڵاتی میسر کە بڕیارە یارییەکانی لە ١٥ی مانگی داهاتوو بەڕێوەبچێت.» لەبارەی بەدەستهێنانی نازناوی خولەکەش رزگار رەئوف ڕاهێنەری تیپی باسکەی کچانی یانەی سیروانی نوێ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە ئامادەکارییەکی باشمان کردبوو بۆ یارییەکانی خولی نایابی باسکەی یانەکانی عێراقی بە کۆمەڵێك کچە کوردی بەتوانای شاری سلێمانی کە تەمەنیان بچووکە و خاوەن ئاستێکی بەرزی یاری کردنن لە یاری باسکە و لە سەرجەم یارییەکان براوە بووین و بۆ یەکەمجاریش لە مێژووی عێراق یانەیەکی کوردی و بە پێکهاتەیەکی کوردی بووە پاڵەوانی عێراق و بووینە نوێنەری یانەکانی عێراق لە جامی یانەکانی عەرەبی کە بڕیارە لە قاهیرە بەڕێوە بچێت، ئێمەش بڕیاری ئەوەمان داوە ئەگەر بە سواڵکردنیش بێت بەشداری یارییەکانی ئەم پاڵەوانێتیە بکەین، یانەی سیروانی نوێ بە فەرمی نووسراوی بەشداری کردنیان بۆ کردین بۆ ئەوەی وەکو نوێنەری عێراق وەکو کچە کوردەکانی شارەکەمان بەشداری ئەم پاڵەوانێتیە بکەین، بڕیاریشە لە ڕۆژانی داهاتوو بە بەرنامەیەکی تۆکمەوە دەست بە مەشقەکانی تیپەکەمان بکەینەوە بۆ ئەوەی بۆ پاڵەوانێتی یانەکانی عەرەبی ئامادەکاری بکەین، ئەم تیپەش تەنیا هی من و شاری سلێمانی نییە، هی هەموو کوردستانە .»



# غیاس شوکر لە یانەی پێش

دوای ئەوەی وەرزی ڕابردوو غیاس شوکر یاریزانی یانەی پێشمەرگەی هەولێر توانی لە خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان لەگەڵ یانەکەی ئاستێکی شایستە پێشکەش بکات و پلەی چوارەمی ریزبەندی یانەکانی بەدەستهێنا، ئەم وەرزەش دوای ئەوەی بەنیاز بوو بگەڕێتەوە شاری دهۆك، بەڵام بە گرێبەستێکی باش لە پیرمامەوە بەرەو شاری بەسرای باشووری عێراق ڕۆی. لە بارەی پێوەندی کردنیشی بە ریزی یانەی میناى شاری بەسرا، غیاس شوکر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دوای ئەوەی زیاد ئەحمەد یاریزانی کورد گەشتی شاری بەسرای کردبوو بە مەبەستی واژۆکردنی گرێبەست، کارگێڕانی یانەی میناش ئەوەیان راگەیاندبوو کە پێویستیان بە یاریزانێکی هێڵی ناوەڕاست هەیە، بۆیە بە منیان وت، منیش دوای قسەکردنم لەگەڵ کارگێڕانی یانەکە، گەیشتمە ڕێککەوتن لەگەڵیان، هەرچەندە من حەزم دەکرد ئەمساڵ لە شاری دهۆك یاری بکەم، بەڵام قسمەتەکەم لە شاری



# هەولێر پەنای بۆ راهێنەرە کۆنەکەی بردەوە

دوای ئەوەی وەرزی ڕابردوو یانەی وەرزشـــی هەولێر لە خولی نایابی عێراقی و لە جامی ئاســـیاش نەیتوانی هیچ ئەنجامێکی شایســـتە بەدەست بهێنێت و ئەیوب ئۆدیشـــۆی ڕاهێنەری یانەکە بەهۆی ئەنجامە خراپەکانی دەســـتی لە مەشقی یانەی هەولێر کێشایەوە، یانەی هەولێریش تیپەکەی هەڵوەشاندوە، دواتریش دەستەی کارگێڕی یانەکە بڕیاری دا ئەمســـاڵ تیپێکی تەواو جیاواز لە وەرزی ڕابردوو دروســـت بکات و زیاتر پشـــت بە یاریزانانی کوردی ببەســـتن، دوای ئەوەی ئەحمەد سەلاحیش بە شێوەیەکی کاتی سەرپەرشتی مەشقی یانەکەی کرد. دوای کۆبوونەوەی دەســـتەی کارگێڕی یانەی وەرزشـــی هەولێر لەگەڵ ســـائیر ئەحمەدی ڕاهێنەری پێشووی یانەکەیـــان گەیشـــتنە ڕێککەوتن تاوەکو بۆ ماوەی یەك ســـاڵ لە خولی نایابـــی یانەکانی عێراقی سەرپەرشتی مەشقی یانەی هەولێر بکات. لەبارەی ڕێککەوتنی یانەی هەولێر و سائیر ئەحمەد، سەرچاوەیەك لە دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشی هەولێر کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بۆ گۆڤاری گـــوڵان گوتی: ئێمە دوای کۆبوونەوەمان لەگەڵی بەفەرمی گەیشـــتنە ڕێککەوتن بۆ ماوەی یەك وەرز سەرپەرشتی مەشقی یانەی هەولێر بکات، ئەو یەکێکە لە ڕاهێنەرە بەتواناکانی عێراق و ئێســـتاش جارێکی تر گەڕایەوە یانە کۆنەکەی، ئێمەش بە تەواوی لەگەڵی ڕێککەوتین و ئەوەشمان پێی ڕاگەیاندووە کە ئەمساڵ ئێمە پشـــت بە یاریزانانی کوردی شارەکەمان دەبەستین، ئەوەیش زیاتر حەزی لە پێگەیاندنی یاریزانانی ئەو شارەیە کە مەشقی لێ دەداتەوە، زۆر پشت بە یاریزانانی ئەستێرە نابەستێ بۆیە ئومێدمان بەم ڕاهێنەرە هەیە کە ئەمساڵ بتوانێ ئاســـتی یانەی وەرزشی هەولێر بەرز بکاتەوە و کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانا دروســـت بکات.» لە بارەی بڕی گرێبەستەکەشـــی سەرچاوەکە گوتی: «بڕی گرێبەســـتەکەی تەنیا بە مووچەی مانگانەیە کە بڕی پێنج هەزار دۆلارە مانگانە و ماوەی یەك ســـاڵیش بەردەوام دەبێت، دواتر قســـە لەســـەر نوێکردنەوە، یان نوێنەکردنەوەی گرێبەستەکەی دەکەین، ئومێدی زۆریشـــمان بە گەنجی شـــارەکەمان هەیە کە دەتوانن ئەنجامی بـــاش بەدەســـتبهێنن، هەریەك لە ئەحمەد ســـەلاح و موەفەق یونس وەکو یاریدەدەری ڕاهێنەر بەردەوام دەبن لە ئەرکی خۆیان .»

فۆتۆ/ پشتیوان خدر




## ـــــــمەرگەوە چووە یانەی مینا

بەسرا بوو، هەرچەندە من گرێبەستم پێشکەش کرابوو لەلایەن هەریەك لە یانەکانی زاخۆ و دهۆك و زێرەڤانی، زۆریش حەزم دەکرد ئەمساڵ هەر لە کوردســـتان بمێنمەوە، بەڵام ئەوانیش بە گرێبەســـتێك منیان بردە ریزی تیپەکەیان، هەوڵیش دەدەم لەگەڵ یانەی مینا باشترین ئاست پێشکەش بکەم لە خولی نایابـــی یانەکانی عێراقی و ناوی خـــۆم و یاریزانانی کورد بەرز بکەمـــەوە، هەر چەندە من لە بەســـرام و لە غەریبیم، ئەوەیش بۆمن ناخۆشـــە، بەڵام گرێبەستەکەم بۆ ماوەی یەك ســـاڵە و دەمەوێ لەم ماوەیە بتوانم ئەزموونی باش بۆ خۆم پەیدا بکەم و لە ژیانی پیشـــەگەریش بم، سوپاســـی یانەی پێشمەرگەی هەولێریش دەکەم، بەتایبەتی کاپتن سەمیر بابۆ کە وەرزی ڕابردوو زۆر هاوکارم بوو لە یانەکە، حەزیش دەکەم یاریزانانی کورد تواناکانی خۆیان لە یانەکانی دەرەوە پێشـــان بدەن، چونکە ئێمەی کورد هیچمان لە یاریزانانی پیشـــەگەر و عەرەب کەمتر نییە.